پەرلەمانی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

# یەکساڵی پەرلەمان

2014

تارق جەوهەر سارمەمی

رۆژ: 26 / 12/ 2014
ژمارە: 13

لە6-11-2014 سالێكی تەواو بەسەر یەكەم دانیشتنی دەستپێكی كردنەوەی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان تێپەری، لەم خولەی هەڵبژاردن، كە لە21-9-2013 بەڕێوەچوو و بەشێوازی نیمچەكراوە ئەنجامدرا، بۆیەكەمجار یاسای هەڵبژاردن مافی بەدەنگدەردا كە دەنگ بەلیستەكان بدات و، لەناو لیستەكەش یەكێك لەكاندیدەكان هەلبژێرێ. بەپێچەوانەی خولەكانی پێشوو كەبەشێوازی بازنەی داخراو بەرێوەدەچوو، دەنگدەر تەنیا مافی هەڵبژاردنی لیستێكی سیاسیی هەبوو. لەم خولەدا 31 لیست بەشداریانكرد و تەنیا 17 لیست و پێكهاتە گەیشتنە پەرلەمان یەكەم دانیشتنی خولی هەلبژادرنی چوارەم لە 6-11-2013 بەرێوەچوو، بەلام بەهۆی رێكنەكەوتنی لایەنە سیاسیەكان هەڵبژاردنی دەستەی سەركۆایەتی دواخرا تا لە 29-4-2014 دوای حەوت مانگ ونۆ رۆژ لەهەڵبژاردن وپێنج مانگ و بیست و سێ رۆژ ئەوسا دەستەی سەرۆكایەتی هەڵبژێردرا.

## یەكەم: دانیشتن و یاساو بریارەكانی پەرلەمان لە ساڵی 2014

لەماوەی خولی چوارەمی هەڵبژاردنەكان، پەرلەمان بەگشتی 45 دانیشتنی گرێداوە، 3 دانیشتنیان هی دەستپێكی كردنەوەی خولەكانی پەرلەمان، و 2 دانیشتنی نائاسایی و 40 دانیشتنی ئاسایی بووە، لەم سالەدا پەرلەمان 9 یاسا و 32 بریاری لەبوارە جیاجیاكان دەركردووە. هەروەك پەرلەمان خوێندنەوەی بۆ 112 پرۆژە یاسا وبریار كردووە ئاراستەی لیژنەكانی پەرلەمان كراون بۆ دیراسەكردن وئامادەكردنی راپۆرت لەبارەیانەوە.

کۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسالی یەکەمی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان2014

| | یاساو بریار | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | یاسا | 9 |
| 2 | بریار | 32 |
| | گشتی | 41 |

یاساو بریارەکانی خولی هەڵبژاردنی چوارەم 2013-2014

| | دانیشتن | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | دانیشتنی ئاسایی | 38 |
| 2 | دانیشتنی نائاسایی | 2 |
| 3 | دانیشتنی دەستپێك | 3 |
| | کۆی گشتی | 43 |



خشتەی یاسا وبریارەکانی سالی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 2014




## دووەم: چالاكیی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان لە 2014

بەپێی ئامارەكانی بەشی بەدواداچوونی لیژنەكان ئەنجامی داوە چاڵاكیەكانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان لە خولی چوارەم لە ماوەی نێوان 1- 5-2014 تاكو 31-12-2014 دەركەوتووە كە سەرجەم لیژنەكانی پەرلەمان كەژمارەیان 22 لیژنەی هەمیشەییە (5494) چالاكی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، بەسەرجەم لیژنەكان ( 502) كۆبوونەوەیان كردووە و( 1350 )ی نووسراویان دەركردووە و(2769) نووسراویان ئاراستە كراوە، و (108) پرۆژە یاساش ئاراستەی لیژنەی یاسای ولیژنە پەیوەندیدارەكان كراوە، بەسەرجەم لیژنەكان (51) راپۆرتیان لەسەر پرۆژەكان وئەوبابەتانەی ئاراستەیان كراوە ئامادە كردووە.

هەر لەومایەوەیەدا 84 بەرپرسی حكومەت لەئاستی وەزیر وبریكاری وەزراەت و سەرۆكی دەستەكانی سەربەخۆ و بەرێوبەرە گشتییەكانی وەزارەتەكان سەردانی لیژنەكانیان كردووە كە تیایدا (11 ) وەزیری حكومەت لە كۆبونەوەی لیژنەكان بەشداریان كردووە. هەروەك لەبواری بەدواداچوونی كیشەكانی هاولاتیان، بەگشتی (152) هاوڵاتی سەردانی لیژنەكانی پەرلەمانیان كردووە بۆ بەدواداچوونی كێشەكانیان. لەبواری سەردانی مەیدانی لیژنەكانیش بەگشتی (379) سەردانی جۆاروجۆریان بۆ وەزراەتەكان وهیزی پێشمەرگە ورەوشی ئاوارەكان و دامەزراوەكانی حكومەت وسەردانی دەرەوەشیان ئەنجامداوە. وەك لەخشتەی خوارەوەدا ئاماژە بەئاماری سەرجەم لیژنەكان كراوە.

| ژ | ناوی لیژنه | ژ. کۆبوونەوە | ژ.ن دەرچوو | ژ.ن هاتوو | ژ.پ یاسای ئاراستەکراو | ژ.راپۆرتی لیژنه لەسەر پرۆژە یاسا | ژ.هاتنی بەرپرسە حکومیەکان | ژ.هاتنی هاولاتی بۆ لیژنه | سەردانی لیژنه | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ل. کاروباری یاسایی | 37 | 99 | 251 | 108 | 14 | 9 | - | - | 518 |
| 2 | ل. دارایی و کاروباری ئابوری، وەبەرهێنان | 70 | 155 | 285 | 26 | 2 | 4 | - | - | 542 |
| 3 | ل. ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | 40 | 60 | 103 | 5 | 3 | 5 | 5 | 20 | 241 |
| 4 | ل. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان | 20 | 102 | 151 | 3 | - | 4 | 2 | 27 | 309 |
| 5 | ل. داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت | 18 | 16 | 99 | 8 | - | 5 | 25 | 10 | 181 |
| 6 | ل. پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | 16 | 124 | 128 | 4 | 2 | 5 | 45 | 5 | 329 |
| 7 | ل. کاروباری تەندروستی و ژینگە | 23 | 71 | 197 | 9 | 1 | 16 | 35 | 5 | 357 |
| 8 | ل. کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | 18 | 37 | 125 | 10 | 3 | 1 | - | 16 | 210 |
| 9 | ل. ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن | 13 | 34 | 75 | 2 | 1 | 3 | - | 6 | 134 |
| 10 | ل. ئەوقاف و کاروباری ئایینی | 32 | 70 | 147 | 6 | 5 | 9 | 11 | 5 | 276 |
| 11 | ل. کاروباری پێشمەرگەوە شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو | 24 | 103 | 194 | 7 | 4 | 3 | 15 | 237 | 587 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زیندانیانی سیاسی | | | | | | | | | |
| 12 | ل. مافەکانی مرۆڤ | 20 | 95 | 219 | 15 | 6 | 2 | 6 | 12 | 375 |
| 13 | ل. پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان | 35 | 97 | 163 | 6 | - | 4 | - | 5 | 310 |
| 14 | ل. ئاسەوارو، خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار | 14 | 134 | 286 | 3 | 3 | 4 | - | 8 | 452 |
| 15 | ل. بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر | 8 | 19 | 36 | 1 | 1 | 2 | 4 | 5 | 76 |
| 16 | ل. وەرزش و لاوان | 12 | 13 | 36 | 1 | 1 | - | 1 | 3 | 67 |
| 17 | ل. دەسپاکی ( نەزاهەت) | 22 | 40 | 102 | 2 | 1 | 5 | 3 | 11 | 186 |
| 18 | ل. کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | 32 | 32 | 84 | 4 | 3 | - | - | - | 155 |
| 19 | ل. ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر | 41 | 41 | 61 | 2 | 1 | 3 | - | 2 | 151 |
| 20 | ل. پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی | 2 | 2 | 6 | 2 | - | - | - | - | 12 |
| 21 | ل. کاروباری پەرلەمان | 2 | 3 | 3 | 1 | - | - | - | - | 9 |
| 22 | ل. ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان | 3 | 6 | 18 | - | - | - | - | 2 | 29 |
| | **کۆی گشتی** | 502 | 1353 | 2769 | 225 | 51 | 84 | 152 | 379 | 5494 |

بەشی بەدواداچوونی لیژنەکان
2014-12-31

### زیادکردنی ژمارەی لیژنەکان

لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان 3 لیژنەی نوێ زیداکران و ژمارەی لیژنەکان لە 19 بوونە 22 لیژنە، ئەوانیش لیژنەکانی:

1. لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر
2. لێژنەی کاروباری پەرلەمان.
3. لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

جگە لەوەش پەرلەمان لەخولی ئیستادا چوار لیژنەی کاتیشی بۆ پرس وبابەتی دیاریکراو پێکهینا. ئەوانیش :

1. پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو رووداوانەی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە رۆژی 2014/4/30 و رۆژانی دواتر روویاندا
2. پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان
3. پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان
4. پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران

لیژنەکانی بەرلەمان لە هەمیشەیی وکاتیەکانەوە چالاکانە رۆلی خۆیان بینوە و بەشیوەیەکی مەیدانی بەدواداچونیان بۆ پرسە هەنووکەییەکان کردووە لەو رووداوە ناخۆشانەی کە رووبەرووی ناوچەکانی کارەساتبار بۆتەوە.

## سێیەم: بودجەی گشتیی هەریم

لەبەر ئەو رەوشە ئابووری وسیاسیەی کەبەسەر عیراق \اهاتو ئەو گەمارۆ ئابووریەی حکومەتی مالکی خستیە سەرهەریم سالی 2014 حکومەتی هەریم نەیتوانی بودجەی هەریم بنیریتە پەرلەمان وتەنانەت لەبەغداش بودجەی 2014 عیراق نەنیردرایە ئەندومەنی نوێنەرانی عیراق . هەروەك لەهەریم ژمیرەی کۆتایی سالی 2013 و-2014 نەهاتۆتە پەرلەمان . کە بەپی یاسا وپەیرەوی ناوخۆ گفتوگۆکدرنی بودجەو حسایاتی ختامی سالانە بەیەکیك لە ئەرکە سەرەکی وبنەرتیەکانی هەر پەرلەمانێك دەژمێردێت. ئەمسالیش تائیستا بودجەی گشتی عیراقی فیدرال پەسەند نەکراوە، هەر کاتیك بەشە بودجەیە هریم کەبەپیی ریگەوتنی دوایی نیوان حکومەتی هەریم وبەغدا پێویستە 17% ی بودجەی گشتی عیراق بیت . بۆیە بەداخەوە لەم ئەرکەدا پەرەلمان لەردەوەی ئیرادەی خۆی نەیتوانی ئەو ئەرك هجی بەجێ بکات .

# چوارەم: چالاكی ديپلۆماسی و پەيوەنديیەكانی دەرەوە

بەگشتی لەماوەی نێوان مانگی 6-11-2013 تا 24-12- 2014 سەرۆكايەتی پەرلەمان (61) چالاكی سياسی وديپلۆماسی هەبووە كە (12 ) ولاتی گرتۆتەوە: ( ئەمريكا- بەريتانيا - كەندا- ئەلمانيا- ئيتاليا- هۆلەندا- هەنگاريا- توركيا- ژاپۆن- ئوردەن- فەلەستين وسودان و كۆماری ئيسلامی ئيران ) كە (21) يان پێشوازی كردن بووە لە باليۆز وكونسڵی عەرەبی وبيانی، لەگەل ( 17) شاندی پەرلەمانی كەيەكێكان سەرۆكی پەرلەمانی كۆماری ئيسلامی ئيران وجێگری سەرۆكی پەرلەمانی ئەلمانيا بووە. هەروەك ( 12) جاريش وەفدی ريكخراوە نێولەولەتيەكانی بينيووە.لەگەڵ (11) كەسايەتی سياسی وديارى نێودەولەتی بوون.

21 باليۆز وكونسل

11 كەسايەتی سياسی بيانی

17 وەفدی پەرلەمانی كە 3 سەردانيان سەرۆكايەت پەرلەمان بوون بۆ دەرەوە .

12 ريكخراوی بيانيش سەردانی پەرلەمانيان كردووە.

| ژ | مانگ | باليۆز وكونسل | كەسايەتی | شاندنی پەرلەمانی | ريكخراوەكان | كۆی چالاكی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | حوزەيران | 4 | 2 | 2 | 2 | 10 |
| 2 | تەمووز | 3 | 1 | 1 | 3 | 8 |
| 3 | ئاب | 3 | 1 | 2 | 2 | 8 |
| 4 | ئەيلول | 1 | ........... | 3 | 2 | 6 |
| 5 | تشرينی يەكەم | 3 | 5 | 4 | 2 | 14 |
| 6 | تشرينی دووەم | 2 | 1 | 4 | | 7 |
| 7 | كانونی يەكەم | 5 | 1 | 1 | 1 | 8 |
| 8 | | | | | | |
| | كۆی گشتی | 21 | 1 1 | 17 | 12 | 61 |




# پێنجەم: ژمارەی پرسیاری ئاراستەکراو بۆ حکومەت

لەماوەی سالی یەکەمی خولی چوارەمی هەلبژادرنی پەرلەمان لەهەردوو وەرزی دانیشتنەکان پەرلەمان 382 پرسیاری پەرلەمانتارانی ئاراسشتەی ئەنجومەنی وەزیران ووەزارەتەکان کردووە.

لەوماوەیەدا حکومەت وەلامی 220 پرسیار داوەتەوە.

162 پرسیاریش وەلامیان نەهاتۆتەوە.



## شەشەم: پەرلەمان و پرسە هەنوکەییەکان

پەرلەمان لەسالی یەکەمی خولی چوارەمی هەڵبژاردن لەسالی 2014 چەندین دانیشتنی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسە هەنوکەیی ونەتەوەییەکانی کوردستان تەرخانکردووە بەتایبەت لەمبوارانەی خوارەوە:

1- پرسەکانی رەوشی کەرکوك وناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم
2- رەوشی کوبانی بریاری مامەلەکردن لەگەل ئیدارەکانی رۆژئاوای کوردستان
3- گفتوگۆکردن لەبارەی رەوشی کوردانی ئیزیدی وپێکهاتەکانی تر
4- بریاری ژمارە 15 بریاری ناونانی پارێزگای هەلەبجە بە پایەتەختی ئاشتی کوردستان- عیراق لە 30-9-2014
5- سەردانی وەفدی پەرلەمان بۆ لاهای و هەولدان بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە کوردانی ئیزیدی و وپێکهاتەکانی تر لەلایەن دادگای نیودەولەتی لە لاهای .
6- بریاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانی کردنی کۆبانی .
7- راسپاردەکانی پەرلەمان بۆ وەفدی دانوستکاری حکومەتی هەرێم لەگەل بەغدا.
8- راسپاردەی تایبەت بە توندو تیژی دژ بەئافرەتان
9- پرەنسیپەکانی رۆمالی پرسەکانی ئافرەتان لە میدیادا.

## حەوتەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم

پەرلەمان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ وەرگرتنی ناوی کاندیدانی بۆ ئەندامێتی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسی لە هەریمی کوردستان راگەیاندووە. ئەو لیژنەیەش راگەیەندراوێکیان لەسەر ماڵپەری پەرلەمان بڵاوکردوە، کە مەرجەکانی خۆ کاندیدکردنی بۆ کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسی کوردستان - عیراق راگەیاند. چەندین کەسیك لەرێی پرکردنەوەی فۆرمی تایبەت لەسەر ماڵپەری پەرلەمان. پاشان لە26-11-2014 لالیژنەی تایبەت بە هەلاویرکدرنی ناوی کاندیەدکان ناوی (9) کاندیدیان پێشنیازکردبوو ئەوەبوو لە دانیشتنی ژمارە ( 14) پەرلەمان رۆژی 3-12-2014 ئەو کاندیدانەی لەلایەن لیژنەی کاتیەوە دیاریکرابوون ( هەندرێن محەمەد، عەبدولسەمەد خدر عەبدوڵا، سلێمان مستەفا حەسەن، د.ئیسماعیل حەمە عەلی، شێروان زرار نەبی، د.جوتیار عادل،د.رێزان حەمە رەشید کەریم،د.نەهرۆ سەلیم حەننا، سەیاح کورەچی) دەنگیان لەسەردراو رەزامەندی ومتمانەی پەرلەمانیان پێسپێردرا.

# هەشتەم: پەخشی راستەوخۆ و وپەیوەندی لەگەڵ میدیاو رۆژنامەنوسان

گەڕانەوەی پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکان

1. لەم خولەدا لەسەر پێشنیازی راگەیاندنی پەرلەمان سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا: جارێکی تر دانیشتنەکانی پەرلەمان راستەوخۆ پەخشبکرێتەوە، وەك چۆن لە خولی دووەمی پەرلەمان پەیرەو دەکرا.
2. بواری زیاتر بە رۆژنامەنووسان درا بۆ ئەوەی بتوانن دیدارو چاوپێکەوتن لە هۆلی لیژنەکان و ژووری ئەندامانی پەرلەمان ئەنجام بدەن، لە سەنتەری میدیاشەوە بە ئامێری پەخشی راستەوخۆی کەنالەکانی راگەیاندن دانیشتنەکان بگوازنەوە. جگە لە هۆلی دانیشتنەکان نەبێت، کەلەرێی راگەیاندنی پەرلەمانەوە رووماڵی دانیشتنەکان دەکرێ.دەقی گفتوگۆکانیش وەکو خۆی بەسەر نوینەری کەناەلکانی راگەیاندن دابەش دەکریت.
3. دروستکردنی شوێنێکی نوێ بۆ پرێس کۆنفرانسی سەرۆکایەتی پەرلەمان ودانانانی کامیری فول ئیك دی ویەکەیکی کۆنترۆل بۆ گواستنەوە وتۆماکردنی وۆرکشۆپ وسیمینارەکانی لە هۆلی پەناگیری ریکدەخریت.
4. کارکردن بەردەوامە بۆ ئەوەی کێشە تەکنیەکانی دەنگ ورەنگی پەیوەست بەرووماڵی دانیشتنەکان لەهۆلی پەرلەمان چارەسەربکرێت، وخزمەتگوزاریەکی بەرزی گواستنەوەی راستەوخۆ بۆکەنالەکی راگەیاندن فەراهەمبکرێت کەلەگەل ئاستی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکانی بواری پەخشی میدیایی سەردەم بگونجێت.
5. پەخشی راستەوخۆ لەسەر مالپەری پەرلەمانی کوردستان بۆیەکەمجار لەم خولەدا راگەیاندنی پەرلەمان توانی پەخشی راستەوخۆ ی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەریگای مالپەری پەرلەمانەوە بۆ هەموو جیهان بگوازرێتەوە، ئەمەش دەرفەتەیکی باش بۆ کوردستانیانی ناوەوە دەرەوە رەخساندنووە تالەرێی پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکان لەسەر مالپەری پەرلەمان ئاگاداری رەوتی گفتوگۆکان بن . هەروەك هەولەکانی راگیاندنیش بەردەوامە بۆ دامەزراندنەوەی کەنالی پەرلەمانی کوردستان بەشیوەیەکی لۆ کالێ نوێ، بەسیتمی HD .
6. پیدانی زانیاری ودانیشتنەکانی پەرلەمان: لە بەرێوبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمانەوە لەماوەی ئسالی 2014 زیاتر لە (1078) ڤیدیۆی دایشتنەکانی پەرلەمان وهەوال وچالاکی سەرۆکایەتی وکۆبونەوەی لیژنەکان وسەردانی شاندنە ناوخۆیی وبیانەکان و وێنەی ڤیدیۆیی لەرێی بەشی ئەرشیفی پەرلەمان دراوەتە فراکسیۆنەکان، لیژنەکان، ئەندامان، کەنالەکانی راگەیاندن کە داوایان کردووە.

- فراکسیۆنەکان 474
- کەناڵەکان 402
- لیژنەکان 62
- ئەندامان 120
- رۆژنامەوان بۆ دۆکیۆمێنتی 20



## نۆیەم: کردنەوەی بەشی بانکی زانیاری

پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا بۆتە یەکەم دامەزراوەی فەرمی لەهەریمی کوردستان کە یاسای ژمارە 11ی سال ی 2013ی یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری خستە بواری جێبەجیکردنەوە کەلەسەر پێشنیاری بەریوبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمان سەرۆکایەتی پەرلەمان لە - - 2014 بریاری کردنەوەی بەشی بانکی زانیاریدا کەراستەوخۆ بە نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان بەستراوەتەوە، ئەرکی ئەم بانکە دابینکردنی زانیاریو داتای پێویستە بۆ هاولاتیان و رۆژنامەنووسان هەموو کەسێك لەرێی مالپەری پەرلەمانی کوردستانەوە دەتوانێ، ناردنی پرسیارو پرکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت داوای بەدەستهینانی زانیاری پیویست بکەن لەسەر پەرلەمانی کوردستان.

## دەیەم: سەنتەری توێژنەوەی پەرلەمان و وۆرکشۆپ وسیمیناری بەردەوام

سەنتەری توێژنەوەی پەرلەمان کە لە 2012/6/4هوە دامەزراوە، تا ئەمرۆ بەهاوکاری چەندین رێکخراوی جیهانی و لۆکاڵ لەگەڵ لیژنەکان (99) چالاکی جۆراو جۆری لەگشت بوارەکان ئەنجامداوە، کە65 یان رێکخستنی کۆنگرەو کۆنفرانس و ووەرکشۆپ وسیمیناو وتاون میتین و گفتوگۆی کراوە بووە لە ناوەوە دەرەوەی پەرلەمان لەسەر پرۆژە یاساکان بەهاوکاری راگەیاندنی پەرلەمان جێبەجێکراون، کە (29) چالاکیان لەسالی 2014 لەخولی چوارەمی پەرلەمان ئەنجامدراوە بەبەشداری پەرلەمانتاران وکەسانی پسپۆرو شارەاز لەبوارەکانی یاساو کۆمەلی مەدەنی ومافی مرۆڤ ونەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان لەپێناو سوود وەرگرتن لە توانا وشارەزایی کەسانی ناوەندە زانستی وئەکادیمی ومەدەنیەکانی کوردستان، وە بۆ گفتوگۆکردن ودیراسەکردنی پرۆژە یاسا وبریارەکان لەسەرجەم بوارەکاندا. هەروەها لە وماوەیەدا سەنتەری توێژنیەوە (9) توێژینەوە و (3) پرۆپۆزەڵی ئیداری و چاپکردنی (10)ناملکە و رێبەر لەگەڵ ریکخستنی ژمارەیەك شاندنی پەرلەمانی ئەنجامداوە.

خشتەی چالاکیەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان لەسالی 2012-2014

| ژ | جۆری چالاکی | ژمارەی چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | کۆنگرە، کۆنفرانس، خولی راهینان، وۆرکشۆپ، سیمینار، تاوتمیتین و کۆبونەوەی کراوە | 65 |
| 2 | رێکخستن و بەرێکردنی شاند | 7 |
| 3 | توێژینەوە و پرۆپۆزەڵی ئیداری | 12 |
| 4 | کتێب،ناملکە و رێبەر | 10 |
| 5 | راپرسی و روماڵ | 2 |
| 6 | ئامادەکردن و کارپێکردنی داتابەیس | 3 |
| | **کۆی گشتی** | **99** |



## یانزەهەم: درێژترین ماوەی سەرۆكی كاتی لەخولەكانی پەرلەمان

لە 6-11-2013 یەكەم دانیشتنی پەرلەمان لەخولی هەڵبژاردنی چوارەم بەرێوەچوو، كەتیایدا بەریز شیخ محمد صادق وەك بەتەمەنترین ئەندامی ئەم خولەی پەرلەمانی كوردستان سەرۆكایەتی دانیشتنەكەی كرد، بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ئەركی بەتەمەنترین ئەندام دیاریكراوە تەنیا ریكخستنو سەرپەرشتی كردن ورگاەینادنی پرۆسەی هەلبژادرنی دەستەی سەرۆكایەتی خولی نویی پەرلەمانە كە رەنگە لە سەعاتێك زیاتر، تێپەر نەكات. بەلام بەتەمەن ترین سەرۆكی خولی نویی پەرلەمان، بۆماوەی 5 مانگ و24 رۆژ بەسەرۆكی كاتی مایەوە بەهۆی رێكنەكەوتنی لایەنە سیاسیەكان لەسەر دابەشكردنی پۆستە سیادییەكان ئەم خولەبوو، واتە لە رۆژی 6-11-2013 دەستی پێكرد تا رۆژی 29-4-2014 دریژەی كێشا. كەلەو رۆژەدا، سەرۆكایەتی هەمیشەیی بۆ خولی چوارەمی پەرلەمان هەلبژێردرا كە 108 ئەندام لەكۆی 111 ئەندام بەشداربوون، ئەنجامەكەشی بەم شێوەی خوارەوەبوو:-

1- یوسف محمد بە84 دەنگ بەسەرۆكی پەرلەمان هەلبژێردرا.

2- جەعفەر ئیبراهیم ئیمنكی بە 79 دەنگ بە جێگری سەرۆك پەرلەمان هەلبژیردرا.

3- فەخرەدین قادر عارف بە 73 دەنگ بە سكرتێری پەرلەمان هەلبژیردرا.

گۆرینی ئەندامان :

1. سەركەوت سەرحەد خەلیفە یونس لەشوینی ئەرسەلان بایز
2. شامۆ شێخۆ نەعمۆ لەشوینی نوری حەمە علی
3. عباس فتاح لە شوینی دەرباز كۆسرەت علی
4. بەهزاد دەرویش ئەحمەد لەشوێنی مەولود باوەمراد محی الدین

## دوانزەهەم: پێکهاتەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لەرووی نەتەوە وئایین و وبروانامەو رەگەزەوە.

1- پیکهاتەی پەرلەمان لەرووی نەتەوایەتیەوە

| ژ | نەتەوە | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | کورد | 100 |
| 2 | تورکمان | 5 |
| 3 | کلدان سریان ئاشووری | 5 |
| 4 | ئەرمەنی | 1 |
| | کۆی گشتی | 111 |



2- پێکهاتەی پەرلەمان لەرووی ئایینیەوە

| | ئایین | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | موسلمان | 104 |
| 2 | مەسیحی | 6 |
| 3 | ئیزیدی | 1 |
| | کۆی گشتی | 111 |



3- پێکهاتەی پەرلەمانتاران لەئاستی خوێندەواری وبروانامەوە

| ژ | بروانامە | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | دکتۆرا | 19 |
| 2 | ماجستیر | 11 |
| 3 | بەکالۆریۆس | 52 |
| 4 | دبلۆم | 11 |
| 5 | ئامادەیی | 11 |
| 6 | ناوندی | 7 |
| | کۆی گشتی | 111 |



4- پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی تەمەنی پەرلەمانتارانەوە

| ژ | مێژووی لەدایکبوون | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | 1949-1940 | 1 |
| 2 | 1959 -1950 | 8 |
| 3 | 1969 -1960 | 32 |
| 4 | 1979-1970 | 56 |
| 5 | 1986 - 1980 | 14 |
| | کۆی گشتی | 111 |



5- پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لەرووی رەگەزی ژن و پیاوەوە

| ژ | رەگەز | ژمارە | ریژهیی |
|---|---|---|---|
| 1 | پیاو | 77 | %4،69 |
| 2 | ژن | 34 | %6،30 |
| | کۆی گشتی | 111 | %100 |



ئامادەبوونی سەرۆکی هەریم وحکومەت ووەزیری سامانە سروشتیەکان
لە3-7-2014 بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کرد لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان وسەرۆکی فراکسیۆن بیکهاتەکان کۆبووەوە. دواتریش لەدانیشتنی پەرلەمان وتاریکی لەبارەی رەوشی سیاسی عیراق وپەیوەندییەکانی نیوان هەریم وبەغدا پێشکەش کرد. داوایکرد پەلەبکریت لەدامەزراندنی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنی کوردستانی کرد.

سەرۆکی حکومەت وجێگری سەرۆکی حکومەت
لەماوەی سالی 2014 ( 11) وەزیر سەردانی پەرلەمانیان کردووە بۆ ئامادەبوون لەکۆبوونەوەی لیژنەکان و دانیشتنەکانی پەرلەمان.( دارایی_ ئەوقاف - پێشمەرگە- ناوخۆ- خوێندنی باڵا- ئاوەدانکردنەوە- کشتوکال - کاروکاروباری کۆمەلایەتی- تەندروستی- پیشەسازی- پەروەردە)

## متمانەدان بەکابینەی 8ی حکومەتی هەرێمی کوردستان

- لەم خولەدا نیچرڤان بارزانی کە هیشتا سەرۆکی کاربەریکەری حکومەتی هەریمی کوردستان بوو لەسەر داوای خۆی هاتە پەرلەمان . - دوای ئەوەی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (5)ی رۆژی 2014/5/20،.
سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پێی ئەو تەوافوقە سیاسییەی کە لە نێوان لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21 لەسەری ڕێککەوتبوون لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ناوی بەڕێز نێچیرڤان ئیدریس بارزانی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم خرایە دەنگدانەوە و بە دەنگی 99 ئەندام پەرلەمان پەسندکرا و پاشان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ناوی بەڕێز قوباد جەلال تاڵەبانی کاندید بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم خرایە دەنگدانەوە و بە دەنگی 78 ئەندام پەسندکرا.
دواتر لە دانیشتنی ژمارە (10) ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لەکاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2014/6/18 بەریوەچوو، سەرەتاش ناوی نێچیرڤان بارزانی دەستنیشانکراو بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی خستە دەنگدانەوەو بە 90 دەنگ بەرامبەر بە 3 دەنگی دژ متمانەی وەرگرت، دواتر ناوی قوباد تاڵەبانی دەستنیشانکراو بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی خستە دەنگدانەوەو بە 92 دەنگ بەرامبەر بە 3 دەنگی دژ متمانەی پێدرا. متمانە بە کابینەی وەزاری هەرێمی کوردستان کابینەی هەشت درا.

پاش سویندخواردنی سەرۆك و جیگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وسەرجەم وەزیرانی کابینەکە جگە لە وەزیری سامانە سروشتیەکان کەلەدەرەوەی ولات بوو سەرۆکی کابینەی هەشت بەرنامەی کاری کابینەی حکومەتەکەی خوێندەوە.دواتر لەدانیشتنی ژمارە (14)ی ئاسایی رۆژی 2014/7/7 متمانە بە (د.ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتیەکان و (مەولود موراد محێدین) وەزیری هەریم بۆ کاروباری پەرلەمان درا.

## پاشكۆی یاساكانی 2014 له سالی یەكەمی خولی چوارەمی هەڵبژاردن

1. یاسای ژمارە 1ی سالی 2014 یاسای هەمواركردنی سێیەمی هەمواركردنی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان - عیراق ژمارە 1ی سالی 2005ی هەمواركراو.
2. یاسای ژمارە 2 ی سالی 2014 یاسای درێژهدان بەبەكارپێكردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمار ه3ی سالی 2006 لەهەرێمی كوردستان -عیراق.
3. یاسای ژمارە 2 یاسای هەمواركردنی یاسای ریكخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی كوردستان ژمار ه11ی سالی 2010 . (گەرێندرایەوە لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان )
4. یاسا كۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و راپرسی لەهەریمی كوردستان 2014
5. یاسای بودجەی حزبەكان لەهەریمی كوردستان 2014
6. یاسای زمانە فەرمیەكان لەهەریمی كوردستان 2014
7. یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی دەستپاكی ژمارە 3ی 2011
8. یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە 3ی سالی 1992 هەمواركراو.
9. یاسای ژمارە 9 یاسای هەمواری یەكەمی یاسای وەزارەتی خویندنی بالا وتوێژینەوەی زانستی هەریمی كوردستان ژمارە 10ی سالی 2008.

## بڕیارەكانی سالی یەكەمی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان 2014

بەگشتی پەرلەمان لەسالی یەكەمی ئەم خولەی پەرلەمان 29 بڕیاری جاۆراوجۆری دەركردوە، وەك لەخوارەوە هاتووە:

1. بڕیاری ژمارە (1) هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك و سكرتێری پەرلەمانی كوردستان
2. بڕیاری ژمارە (2) پێكهێنانی لیژنەی كاروباری یاسایی
3. بڕیاری ژمارە (3) پێكهَنانی لیژنەی لێكۆڵینەوە
4. بڕیاری ژمارە (4) پێكهێنانی لیژنەكانی پەرلەمان
5. بڕیاری ژمارە (5) قەبووڵكردنی وازهێنانی (د.ارسلان بایز اسماعیل) لەئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان

6. بڕیاری ژمارە (6) ناونانی ۆ سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
7. بڕیاری ژمارە (7) هەموارکردنی هەشتەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992
8. بڕیاری ژمارە (8) بڕیاری دانانی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکان
9. بڕیاری ژمارە (9 (پێکهێنانی سێ لیژنەی نوێ، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم/ پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی /کاروباری پەرلەمان
10. بڕیاری ژمارە (10 (پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان
11. بڕیاری ژمارە (11 (قەبووڵکردنی وازهێنانی (نوری حەمە علی) لەئەندامیەتی پەرلەمان
12. بڕیاری ژمارە (12 (متمانەدان بەکابینەی وەزاری هەشتەمی هەرێمی کوردستان
13. بڕیاری ژمارە (13 (قەبووڵکردنی وازهێنانی (دەرباز عبداللە رسول) لەئەندامیەتی پەرلەمان
14. بڕیاری ژمارە (14) درێژکریدنەوە خولی گرێدانی دووەم بۆ ماوەی یەك مانگ تا 2014/7/30.
15. بڕیاری ژمارە (15) قبووڵکردنی وازهێنانی (مولود مراد محی الدین) لەئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
16. بڕیاری ژمارە 16 بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (55)ی ساڵی 2004و بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
17. بڕیاری ژمارە 17 بڕیاری دانانی هەردوو پەرلەمانتار( عباس فتاح صالح فتاح) لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و (شێرکۆ حەمە امین) لەلیژنەی کاروباری تەندروستی
18. بڕیاری ژمارە 18 بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش
19. بڕیاری ژمارە 19 بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە
20. بڕیاری ژمارە (20) بڕیاری دانانی ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکان
21. بڕیاری ژمارە (21) بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران

22. بڕیاری ژماره (22) بریاری پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوه و بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان
23. بڕیاری ژماره (23) بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراق
24. بڕیاری ژماره (24) بڕیاری پاڵپشتی کردنی گەلی رۆژئاوای کوردستان له هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردن
25. بڕیاری ژماره (25) بڕیاری زیادکردنی هەردوو ئەندامی پەرلەمان بەڕێزان )یعقوب گورگیس یاقو) و (ایدن معروف سلیم) بۆ سەر لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان
26.پێکهێنانی لیژنەیکی کاتی بۆ پێداچوونەوه بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان
27.بڕیاری ژماره (27) بڕیاری زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (پەروا علی حەمە) بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی
28.بریاری ژماره 28 بریاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانی
29.بریاری ژماره 29 کە تایبەتە بەزیادکدرنی هەردوو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەریزان کەژال فەقێ بۆ لیژنەی کۆمەلایەتی وخێزان و بەریز عومەر صالح بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان
30. بریاری راسپاردنی پەرلەمانتار ڤالا فەرید بەبەرئەك وفرمانی سكرتیری پەرلەمان.
31.متمانەدان بەئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران له کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن وراپرسی لەهەریمی کوردستان.
32.بریاری 32 دانانی هەندیك ئەندام له لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

108 پرۆژە یاسا خویندنەوەی بۆکراوە .

لەم خولەی چوارەمی پەرلەمان بەگشتی خویندنەوە بۆ 108 پرۆژە یاسا کراوە و ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون بۆ دیراسەکردن وئامادەکردنی راپۆرتی تایبەتی لیژنەکان لەسەریان ئەمەش ناونیشانی بەشێك لەو پرۆژە یاسایانەیە کە خوێندنەوەیان بۆ کراوە.

1. خوێیندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە
2. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت .
3. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2010
4. پڕۆژە بڕیاری هەموارکردنی مادەی (38 و 39) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پرۆژە بڕیاری هەموارکردنی مادەی (38 و 39) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان
5. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و عیراق
6. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە(4)ی ساڵی 2006) بە پێی مادەی (17) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی
7. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو .
8. پڕۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان .
9. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای (هەموارکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2010 / (2) .
10. پرۆژە یاسای کۆتایی هاتن بەکارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان.
11. پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ لەهەرێمی کوردستان – عێراق
12. پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان-عێراق
13. پرۆژە یاسای بەکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە عێراق
14. پرۆژە یاسای پشکی هاونیشتمانیان لە سامانە سروشتیەکان .
15. پرۆژە یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دانوستان .
16. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان.
17. پرۆژە یاسای رێکخستنی چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان.
18. پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی دەستەبەری (تچمین) ژمارە (12)ی ساڵی 2006 پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی دەستەبەری (تچمین) ژمارە (12)ی ساڵی 2006
19. پرۆژە یاسای پاراستنی خواردەمەنی پرۆژە یاسای پاراستنی خواردەمەنی
20. پرۆژە یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر پرۆژە یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر
21. پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی مووچە پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی مووچە

22. پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای تیرۆر پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای تیرۆر
23. پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی کوردستان-عێراق1 .
24. پرۆژە یاسای سندوقی مووچەو خانەنشینی هەرێمی کوردستان-عێراق.
25. پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (13)ی ساڵی 1999ی هەموارکراو .
26. پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی کوردستان-عێراق2 .
27. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای سەندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز.
28. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان .
29. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان .
30. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەکانی کوردستان.
31. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك .
32. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (78)ی ساڵی 1980ی هەموارکراو.
33. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان.
34. پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لەهەرێمی کوردستان .
35. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان .
36. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2012 .
37. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی 1 .
38. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (55)ی ساڵی 2004ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.
39. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی 2 .
40. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان-عێراق 2 .
41. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان-عێراق 1 .

.

# ڕاپۆرتی لێژنەکان خولی چوارەم ٢٠١٣

1. ڕاپۆرتی لیژنەی پێشەسازی ووزە لەبارەی قەیرانی سووتەمەنی لەهەرێم
2. ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان
3. ڕاسپاردەکانی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە سەبارەت بەبارودۆخی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان
4. ڕاسپاردەکانی لیژنەی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر سەبارەت بەبارودۆخی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان
5. ڕاسپاردەکانی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان سەبارەت بەبارودۆخی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان
6. ڕاسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بەبارودۆخی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان
7. ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەربارەی پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان
8. ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی لەسەردۆخی قەزای شەنگال و ناوچە کوردستانیە جێناکۆکەکان/ دانیشتنی ژمارە 2ی نائاسایی
9. ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت و لیژنەی کۆمەلی مەدەنی لەسەردۆخی قەزای شەنگال و ناوچە کوردستانیە جێناکۆکەکان / دانیشتنی ژمارە 2ی نائاسایی
10. ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لەسەردۆخی قەزای شەنگال و ناوچە کوردستانیە جێناکۆکەکان / دانیشتنی ژمارە 2ی نائاسایی
11. ڕاسپاردەکانی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە
12. ڕاسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ
13. ڕاسپاردەکانی لێژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی
14. ڕاسپاردەکانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و دەسپاکی
15. ڕاسپاردەکانی لیژنەی ناوخۆ
16. ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی ڕەوشی کۆبانی